# ئەرکی سەرکردە و خەلیفەی موسڵمانان

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**ئومێد چرۆستانی**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# وظيفة خليفة المسلمين

« باللغة الكردية »

أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئەركی سەركردە و خەلیفەی موسڵمانان

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

زانایان ( رەحمەتی خوایان لێ بێت ) لەسەر ئەرك و واجباتەكانی سەركردە و خەلیفەی موسڵمانان زۆریان قسە وباس كردووە، ئیمامی ماوردی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : ئەرك و واجبەكانی سەركردەی موسڵمانان ( ١٠ ) ئەركن كە بریتین لە :

**یەكەم** : پاراستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر ئەو بنەما و ئوصوڵە جێگیرانەی كە زانایانی پێشینی ئومەتی ئیسلام لەسەر كۆدەنگن، ئەگەر هاتوو موبتەدیعێك یان دڵ نەخۆشێك كە شوبهەی هەبوو بەرامبەر بە ئیسلام، ئەوا بە بەڵگە بۆی ڕوون دەكرێتەوە و ڕاست و دروستی بۆ بەیان دەكرێت، بەو شێوەیەی كە ماف و سنورەكانی نەبەزێنرێن، تاوەكو ئاینی پیرۆزی ئیسلام پارێزراو بێت لەهەموو ناتەواویەك و ئومەتی ئیسلامیش دوور بێت لەهەموو هەڵخلكیسكانێك .

**دووەم** : جێ بەجێ كردنی ئەحكامەكانی ئیسلام لەنێوان ئەو كەسانەی كە ناكۆكیان هەیە، تاوەكو هەق بگەڕێتەوە بۆ

خاوەنەکەی، لەبەر ئەوەی ستەمکار سنور نەبەزێنێت، و ستەم لێکراویش بە لاوازی نەبینرێت .

**سێهەم** : پاراستنی هەیبەتی دەوڵەتی ئیسلام و سنوورەکانی، تاوەکو خەڵکی بە ژیانێکی ئاسوودە بژین و بتوانن بە بێ ترس بەسەر زەویدا بگەڕێن بەبێ ئەوەی ترسیان لە گیان و ماڵ و سەروەت وسامانیان هەبێت .

**چوارەم** : جی بەجێ کردنی ( حدودەکان ) بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە خوای گەورە بە حەرام و قەدەغەکراوی داناون پارێزراو بن لە سنورشکاندنی خەڵکی، و مافی ڕەعیەت وهاوڵاتیان پارێزراوبن لە تیاچوون و فەوتان .

**پێنجەم** : قایم کردنی سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلام بەچەك وتفاقی جەنگی کە بتوانێت ڕێگری بکات لە دەستدرێژی دوژمنان لە هاتنەناوەوەیان بۆ ناو خاکی موسڵمانان، نەبادا بتوان خوێنی موسڵمانێك یان (معاهد) ێك بڕێژن .

**شەشەم** : جهادکردنی ئەو کەسانەی کە دوژمانیەتی ئیسلام و موسڵمانان دەکەن، پاش ئەوەی بانگکران بۆ ئەوەی موسڵمان ببن، یان ڕازی بن بەوەی لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بژین و ( جزیة ) بدەن، بۆ ئەوەی مافەکانی خوای گەورە بەرقەراربن، تاوەکو ئیسلام بەسەر تەواوی ئاینەکانی تردا زاڵ و دەست ڕۆشتوو بێت .

**حەوتەم** : وەرگرتن وکۆکردنەوەی دەستکەوت و غەنیمەت و زەکات و خێر وخێرات، لەوەی شەرع بە دەقێکی صەریح یان بە ئیجتهادی زانایان واجبی کردبێت، بەبێ ترس وسەم کردن لەکەس .

**هەشتەم** : تەقدیرکردنی ئەو پارە وسەروەت وسامانەی کەدێتە ناو (بیت المال ) ی موسڵمانانەوە، بەجۆرێك داهاتەکان بزانرێت بۆ ئەوەی خەرجیەکان بەشێوەیەکی وورد بەرنامە بۆ دارێژراو دابەش بکرێن بەبێ ئەوەی ڕەزیلی یان زیادەڕۆی تێدا بکرێت، بەشێوەیەك لەکاتی خۆیدا مووچە و خەرجیەکان دابەش بکرێن بەبێ دواکەوتن .

**نۆیەم** : دامەزراندنی کەسانی شیاو و متمانەپێکراو وبۆ خودا صوڵحاو لەو جێگایانەی کە شایستەی خۆیانن، وە لەو کار و وەزیفانەی کە پێیان دەسپێررێت، تاوەکو کارەکان بەدەست کەسانی شیاوەوە بن و ماڵ وسامانی دەوڵەتیش لەدەستی دەستپاکەکاندا پارێزراوبن .

**دەیەم** : دەبێت سەرکردە و خەلیفەی موسڵمانان ڕاستەوخۆ کارەکانی جێ بەجێ بکات، بۆ ئەوەی خۆی سەرگەرمی سیاسەتی ئومەت و بەرێوەبردنی وولات بێت، لەپێناو پاراستنی میللەتی ئیسلام وموسڵمانان، دەبێت ئەوەش بزانێت نابێت لەپێناو ڕابواردن و لەزەتی دونیایی، یان خۆ سەرقاڵ کردن بە عیبادەت و

پەرستن کار وئەرکەکانی بسپێررێت بەکەسانی تری خوار خۆی، چونکە پێدەچێت کەسانی ئەمین تووشی خیانەت بن و کەسانی دڵسۆز و ئامۆژگاریەکاریش غەش بکەن لەکارەکانیاندا، خوای گەورە وپەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ واتا : ئەی داود: بەڕاستی ئێمە تۆمان کردۆتە جێنشین لەم وڵاتەدا، فەرمانڕەوایی لە نێوان خەڵکدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام بدە، هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خوا .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە سپاردنی ئەرکەکانی بە کەسانی تر و ڕانەپاڕاندیان لەلایەن داود پێغەمبەر خـۆیـەوە( علیە السلام) بەکەمتەرخەمی ناوبردووە، هەروەها شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووی خەڵکی بە گومڕایی ولەڕێ دەرچوون ناوزەدکردووە، ئەمەش هەرچەند ئەرك و واجبی خۆیەتی بە حوکمی دین وپلەو پایەکەی بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کارێکی لەو شێوەیە یەکێکە لە ئەرکەکانی سیاسەت وبەڕێوەبردنی هەموو بەرپرسێك چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : (( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته )) .

ئەگەر هاتوو سەرکردە و خەلیفە و ئیمامی موسڵمانان هەستا بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و واجبانەی کە ئاماژەمان پێدا ئەوا

هەقەکانی خوای گەورەی بەجێهێناوە و مافەکانی هاوڵاتیانیشی جێ بەجێکردووە، لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەو کاتە دوو ئەرك دەکەویتە سەر خەڵکی ئەویش طاعەت و گوێڕایەڵی بکەن لە کاری خیروچاکەدا و بەرگری لێ بکەن بەهەموو شێوەیەك، مادام لەسەر ئەو حاڵەی خۆی بمێنێتەوە .

خوای گەورە هەموو لایەك سەرکەوتوو سەرفراز بکات لە پێناو جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) .

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم .